# زیندوکوژی مردووپەرست.

## عومەرمحەمەد

ئەمرۆ ئێمە پێویستمان بە هەڵوەستەیەکی جدیتر هەیە لەمەڕ چەمکە گرنگەکانی ژیان‌ومردن, بەداخەوە ئەم پرسە هەتا ئەمرۆش پانتاییەکی ئەوو تۆی لە فەزای ژیانی ئێمەدا داگیر نەکردووە, ڕۆژانە لەم وولاَتەدا زیندوان دەکەونە بەر هێرشی رووحی‌وجەستەیی‌و زیندوان دەخرێنەوە خزمەتی مردووان‌و ژیانمان دەبێتە قوربانی‌ولەبەر پێی مەرگدۆستیدا سەردەبڕدرێت, کەچی هێشتا نەمان توانیوە ئەو پرسەبەشێوەیەکی تەندروست ئاڕاستە بکەین‌و بپرسین داخۆ ئەوەی نەتوانێ رێزی زیندوان بگرێ, چۆن رێزی مردوانی پێدەگیرێ؟ سیاسەتی کوردی خاوەنی باگراوەندێکی گەورەیە لە هەڵخەڵەتاندن,کەچی ئێمەین عار نانێین‌و زەمینەکانی سەرلەنوێ هەڵخەڵەتاندنی یەکتری سازدەکەینەوە, هەڵخەڵەتاندن دەمێکە بووەتە نەریتی ئەودەسەلاَتانەی ژیانمان کۆنترۆڵ دەکەن, بە ئارەزووی خۆیان گەمە بەچارەنووسمان دەکەن, ئەمەش پەتایەکە لەکلتوری عەرەب بەگشتی‌ولەبەعس بەتایبەتی بەمیراتی بۆی ماوەتەوە, یان پێوەی ئاڵودە بووە, هەربۆیەشە ئێستا دەسەلاَتی‌کوردی خاوەنی خەرمانێك وەعدوبەڵێنی جێبەجێنەکراوە, ئەم وەعدانە هەرتەنها بەزیندوان نەدراوون, بەڵکو بە مردووانیش دراوون, لەسەر گڵکۆی هیچ شەهیدێك نیە بەڵێنی دنیبایەکی بەهەشتی بەخۆی‌و بەکۆمەڵگەوبەکەس‌وکاری نەدرابێ, هیچ بۆنەیەکی حزبی یان نیشتمانی نیە سیاسیەکان( بەهەموو ڕەنگەکانیانەوە) لەوێوە بەڵێنی گەورەیان بەخەڵك نەدابێ, بەمەش نەك هەر هەڵخەڵەتاندنی زیندوان دێتە پێشێ بەڵکو گۆڕینی شوناسی مردوانیش دێتە پێشێ‌و مردنی ئەو وەك کالاَیەکی بەکار ئامادە دەکرێتەوە, لەوێوە شوناسی شەهید لەمردنێکی جوانی مرۆڤەوە دەکرێتە ڕەمزێکی لەقاڵبدراو, دەبێتە میکانیزمێکی کارای چەواشەکردن, دەکرێتە چەکێکی کاریگەر بۆ بەگژداچوونەوەی هەردەنگێکی نەیار, تەنانەت ئەو دەنگە ئەگەر بەڕادەیەکی زۆریش مرۆڤدۆستانە بێت. بۆیە سەیر نیە لە کلتورێکی داخراوی وەك ئێمەدا دەبینین زیندوان دەخرێنەوە خزمەتی مردوان, پێشمەرگەکانی ئەمرۆ بۆشەهیدەکانی دوێنێ دەجەنگن, نەك بۆئازادی‌وژیانی‌ئێستاوداهاتووی ئەونەوەیەی تازە لەدایك بووە یان بەرێوەیە لەدایك بێ! ئەم خراپ تەماشاکردنەی ژیان, نەك هەر سووکایەتی بە زیندووەکان دەکات, بەڵکو بایەخی گیانبەختکردووەکانیش کورتدەکاتەوە سەر بانگەشەیەکی بێگیان, لەکاتێکدا کەسی گیانبەختکردوو بۆ بەختەوەری زیندوان بۆئازادی ئەوان مەرگی هەڵبژاردووە, کەچی مەرگیی ئەو دەبێتە قەڵغانێك لەبەرانبەر داوارەواکانی خەڵك, دەکرێتە قفڵێکی قایم بەدەرگای نەریت پارێزی‌وداب‌ونەریتی ئیکسپایەرەوە, هەمیشە دەسەلاَت هەوڵدەدات وەهامەرگێك لەخورافەوە بپێچێت, لەکاتێکدا لەخورافە پێچانی مەرگی مرۆڤ رێزگرتنێکی ڕاستەقینەی بۆناهێڵێتەوە, بەپێچەوانەوە بێبەهاکردنێتی, شێواندنێکی بەئەنقەستی ئەو شووناسەیە, هەروا کەمێك تێڕامان بەسە بۆئەوەی لەنیازی بەکارهێنانەوەی گۆڕینی شوناسی مەرگی ئازادیخوازێك, لەگیان بەخشێکی مرۆڤەوە بۆ

مۆتەکەیەکی پیرۆز هەمیشە شمشێرێکی تیژی دوودەمە بەدەست پیاوە ئاینیو سیاسیەکانەوە, ڕاستروایە بڵێین بەدەست دینودەسەڵاتەوە.

ئەگەرچی ئەوانەی لە پێناوی مانەوەی بەعسدا مردن لەڕێگای مەرگی خۆیانەوە بوونی ئینسانیەتی خۆیان نەسەلماند, بەقەد ئەوەی بەنەفی کردنەوەی ژیانی خۆیان بەعسیان غرورترکرد, مردنی ناچاری ئەوان, لەپێناوی ژیانی هەمووواندا نەبوو, بەڵکو لەپێناوی دەسەڵاتی نوخبەیەکی مەرگدۆستدابوو, چونکە مردنی سەربازی عێراقی لەجەنگدا بڕیارێك نەبوو خۆیان هەڵیان بژاردبێت, بەڵکو مردنێك بوو بەسەریاندا سەپێنرابوو, کەچی بەعسیەکانیش بەو هەموو مەرگدۆستییەی خۆیانەوە دەیانگووت :( شەهیدان لەئێمە شکۆدارترن ) ئەمە مژدەی ئەوە نەبوو کە کوژراوەکانی ئەو شەڕە دەبنە بەربەستێك لەبەردەم ڕووداوە تراژیدیەکان. نەخێر ئەم گوزارشتەی بەعسیەکان دەلالەتەکانی مەرگی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو, ئەوان بەنیازی ئاینەدە خەڵکیان نە دەنارده بەرەکانی جەنگ, بەڵکو بەونیازەی بەلای کەمەوە مەرگی هاوڵاتیان,ئەو لەمپەرەبێت پێش بەمەرگی نوخبەیەك لە دەسەڵاتدارانی عێراق بگرێتو درێژە بەدەسەڵات بدەنو بۆ ماوەیەك مەرگیان لێدوورکەوێتەوە, مردنی ئەوان بۆئەوە نەبوو نیشتمان بەئاوەدانی بمێنێتەوە, بەقەد ئەوەی بۆ ئەوە بوو کورسیەکانی دەسەڵات نەلەرزێن, چونکە بەعسیەکان لە بنەڕەتەوە ژیاندۆست نەبوون, بەپێچەوانەوەکەمترین ئاشنایەتیان لەگەڵ ژیاندانەبوو, هەربۆیە شکۆوپیاهەڵدانو بەخشیشە مادیەکانیشیان هەربۆ ئەوکەسانە بوو کە ئامادەبوون بمرن, یان ئەوکەسانەبوون خۆیان بۆمەرگ ئامادەبکەنو بەملکەچیەوە بچنە بەرەکانی جەنگ, بکوژنوبکوژرێن, ئەوان لەگەڵ کەسێك دۆستویارنەبوون داوای ژیان بکاتو ناڕازی بێت بەمەرگ, یان بەشێوەیەك لەشێوەکان خۆی لەمەرگێك بدزێتەوە کە سەرکردایەتی بەعس هەڵیبژاردبوو, هەربۆیەشە لەپاڵ دەستەواژەی یان لەگەڵ چەمکی شەهیددا دەستەواژەی ترسنۆكو خائینەکانیش ئامادەبوون, ئەمە نەك هەربۆئەوانەی لە بەرەکانی جەنگ ڕایان دەکرد, نا, تەنانەت بۆ ئەوانەشی لەشەڕگەکان بەدیل دەگیران, یان لە تێکشاکاندا دەکوژران, هەڵبەت دەبێت هەمووشمان بەوڕاستیە ئاشنا بین مەرگ لەپێناوی مانەوەی بەعسدا جابەهەر بیانوویەکەوە بووبێت ناچێتە خانەی مەرگەوە لەپێناوی ژیاندا, چونکە بەعس مەودایەکی هێندە بەرینی لەنێوان ژیانومردندا نەهێشتبۆوە, هەربۆیەشە دەشێت بڵێین مردن لەسەنگەرەکانی بەعسدا مردنێك نەبووە کەسەکان لەپێناوی ئازادیدا هەڵیانبژاردبێ, بەڵکو مەرگێکی بەسەردا سەپێنراوی ناچاری بووە (سەربازێکی عێراقی بەناچاری دەچووە بەرەکانی جەنگ بەونیازەی ڕاکردنی ئەونەبێتە هۆکارێك ڕێگەی ئەوەخۆشبکات,کەرامەتی خێزانەکەی بکەوێتە بەرهەڕەشەوئیستبدادی بەعسیەکان) .

ناشێت مردن لەپێناوی ئازادیدا لەگەڵ وەها مردنێك لە ڕێگای بەعسدالێکچوو نیشان بدەین, بەڵکو مەرگ لەپێناوی ئازادیدا لە ڕاستیدا مەرگە لەپێناوی ژیانی ئەوانیدیدا, مرۆڤی ئازادیخواز بەو پێیەی ژیانی خۆش دەوێت, دەچێتە شەڕی مەرگوژیانەوە, ئەو ژیانی خۆش دەوێت, بەڵام ئازادی لەژیانێك بەلاوە گرنگترە,

کەخەسڵەتەکانی ژیانی لەدەستدابێت, چونکە مرۆڤی ئازادیخواز بەوە قایل نابێت بەزیندوو مانــەوەش ناوبنێــت ژیان, بۆیە لەنێوان ژیانومەرگدا مەرگێك هەڵدەبژێرێ لــەپێناوی ئازادیــدا, نــەك بەمــەرگی خــۆی پەیوەنــدی ژیانوخورافە بەرهەم بهێنێتەوە, ئەوخۆی ژیانێك ڕەتدەکاتــەوەو ئــازادی هەڵدەبــژێرێ, ئــەو بۆقیامــەت نــاژی تامــەرگ بکاتــە شووناســی خــۆی, بــەڵکو بۆئــەوەی ســەرزەوی بکاتــە بەهەشــتێکی واقعــی, نمونــەی ئــەم ئازادیخوازانەش لەکوردستان کەم نین, کە لە هوشــیاریو ئاگاییــەوە مــەرگیان هەڵبژاردووەولــەپێناوی ئــازادی ئەوانی دیدا گیانیان بەخشــیوە, بــەڵام بەداخــەوە تــاکو ئــەمڕۆ دەســەڵاتی کــوردی جگــە لــە وەعدوبــەڵێنی جێبەجێنەکراو خاوەنی هیچ شتێکی ترنیە, ئەوەشی کەبەناوی شەهیدانەوزەوی بەخشــینەوەوە هەیــە لەواقعــدا نەك ڕێزێك بۆ شــەهیدەکان ناهێڵێتــەوە, بگــرە ســووکایەتی پێکردنێکــی بێپەردەشــە, چــونکە دواجارشــەهید تێگەیشتنی بۆژیان هەیە نەك بۆمردن, شەهید قوربانی کۆمەڵگایە نەك هی حزب, شــەهید خــوینی بەخشــیە ئــازادی مرۆڤەکانولــەپێناوی ســەربڵندی ئەوانــدابوو, نــەك لــەپێناوی ئــازادی بازاڕوبڵنــد کردنــەوەی کۆشكوڤییلاکانی ماڵی حزبوبەرپرسانی حزب.